**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٩٥٨ لە ٢٠١٧/٨/١٦**

ئاماژە بە ماددەی ( ٤٥ ) لە سیستەمی چاکسازی ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ وە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی ( ٤٦ ) هەمان سیستەم ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧
## کەل و پەلی قەدەغەکراو بۆ ناو چاکسازیەکان

١- قەدەغەکردنی ماددەی هۆشبەر بە هەموو جۆر و پێکهاتەکانی .

٢- قەدەغەکردنی پارە وخشڵ و زێر جگە لە خەرجی گیرفان کە دیاری کراوە بە بری ( ٥٠٠٠٠ ) پەنجا هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر مانگێك .

٣- قەدەغەکردنی هەموو ئامێرێکی تۆمارکردنی دەنگ و کاسێت و فیلمی قەدەغەکراو و تەلەفزیۆن و پلەی ستێشن و سەرجەم ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و کارەبایی بە هەموو جۆرێك ، جگە لەوانەی فەرمانگە دابینیان دەکات .

٤- پەرتووك و گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی قەدەغەکراو .

٥- ئامێری برینکەر ( الالات الجارحة ) وەك ( چەقۆ ، بۆکس ، خەنجەر ) و یاری ئاگرین ، جگە لەو چەقۆیەی کە چاکسازیەکان دیاری دەکەن بۆ سزادراوان بە مەرجی بەستنەوەی بە زنجیری یەك مەتری .

٦- قەدەغە کردنی ئامێری پەیوەندی کردن بە هەموو جۆرێك جگە لەوەی فەرمانگە دابینی دەکات .

٧- قەدەغە کردنی بردنە ژوورەوەی هەموو جۆرە خواردنێك ، تەنیا ئەوانەی کە لە لایەن بەڵێندەران دابین دەکرێن بە پێی ناوەڕۆکی گرێبەست و خشتەی خۆراك .

٨- قەدەغەکردنی بردنە ژوورەوەی هەموو جۆرە دەرمانێك جگە لەوانەی لەلایەن پزیشکەوە ڕەزامەندی لە سەر دەدرێت .

٩- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**